# لەسویدا......

# ژنان لە پیاوان زیاتر جگەرەدەکێشن..!

پێویستەئاماژەبەوەبدەین کەبابەتی کلتور،باوەڕ،ڕۆڵی ژن لەناوکۆمەڵ،ئازادی،هۆشیاری تەندروستی،وچەندینی تر ڕۆڵ لەدیاری کردنی ڕێژەی جگەرەکێشان لەنێوولاتاندا دەبینێت.

بەدواداچونی : کامەران ئیسحاق پەری

**جگەرەکێشان قەدەغەیە** بەم ناونیشانەوبەشێوەیەکی ئاڕاستەکراوولاتی سوید لەبەرواری 1.6.2005وە چوە ڕیزی یەکەمینەکان لەنێوولاتانی ئەوروپا کەجگەرەکێشانیان لەچێشتخانەقاوەخانەوگشتشوێنە گشتیو تایبەتەکانوشوێنی کارقەدەغەبکەن شایەنی باسەیەکەم ولاتی ئەوروپایی ئێرلەندایەکەئەم بڕیارەی دەرکردبێتومێژووی قەدەغەکردنەکەش دەگەڕێتەوەبۆساڵی 2004 پاشان ئیتالیابە بەپلەی دووەم دوای ئەویش نەرویج بەپلەی سێهەمو ماڵتاش لەمانگی ئەپریلدا بەچوارەم وولات.دەژمێرێت کەجگەرەکێشانیان قەدەغەکردوە.بەدواشیانداسوید.

بڕیاری حکومەتی سوید لەمەڕزیاترقەدەغەکردنی کێشانی جگەرەلەشوێنەگشتیەکان لەپاش مشتومڕێکی زۆری پەرلەمان، ولایەنەپەیوندیدارەکانەوەهات کەپترلەساڵێک هێنەوبەرەوهەڵسەناگندنی(قازانج لەزیان)خەریکی بوونو سەرقاڵیشیان بەشیکردنەوەی لایەنەباشوخراپەکانیان دواتر، دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشانی لێکەوتەوەئەم بڕیارەی حکومەتی سویدی لەکاتێکدایەکەسوید بۆی دەرکەوتوەسالانەپترلە6400مرۆڤ پێشوەخت بەهۆی جگەرەکێشانەوەگیانیان لەدەست دەدەن ،ئەمەش وای کردکەهەرچی زوترەسوید هەنگاوەکانی لەمەڕقەدەغەکردنی جگەرەزوتربنێت.لەوەش زیاتر لەسویداژنان لەپیاوان جگەرەزیاتردەکێشن بەپێی ئاماریک دەری دەخات کەژنان بەسێ پلە لەپاوانیان بردۆتەوە.

یەکێک لەومەترسیانەی کەڕوبەڕووی ئەم بڕیارەدەهات مەسەلەی کرێکارە.. تیایدا سوید لەوەدەترسا لەئەنجامی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەداهاتوداڕەنگەکارلەرەوشی کاری کرێکاران وئارەزوویان بۆکارکەم بکات، مەبەست، ئەو کرێکارانەیە کەجگەرەدەکێشن،بەلام خۆشبەختانەلەئەنجامی ڕاپۆرتێک کەلەلایەن هەردوەویلایەتی ئەمریکای کالیفۆرنیا ونیۆرک ،ئامادەکرابوو ،ئەوەی نیشاندا،ئارەزووی کارکردن لەوشوێنانەی کەجگەرەی تیاداقەدەغەکراوەبەڕیژەی 9%زیادی کردوە.ئەم توێژینەوەیەش هاندەرێکی بەهێزبووبۆسەربڕیاردەرانی چارەنوسی قەدەغەکردنی یان نەکردنی جگەرە لەسویدوولاتانی تری ئەوروپا.

دیارەئەمرۆکەجگەرکێشان لەتەواوی جیهاندابۆتەدیاردەیەکی ناسراووباوبگرەلەهەندێک شوێندابۆتەبابەتێک بۆخۆ دەرخستن یاخودسەرنج ڕاکێشان...لەهەمانکاتیشداولاتان قازانجێکی زۆر لەبازرگانی توتن وجگەرەدەستدەکەوێت لەهەندێک شوێنداداهاتێکی سەرەکی نیشتیمانییە..جگەرەبەرلەوەی ئەم فۆرمەی ئێستا وەرگرێت بەچەندین قۆناغ تێپەڕیوە لێرەدابەپێویستمان زانی لەهەندێکی ئاگاداربیت ،هاوکات سەرنجت ڕاکێشین بۆ ئەم پرسیارە ....ئایائەم زەمەنە لەخۆرئاوا زەمەنی جەنگە لەدژی جگەرە؟!....ئایاڕەوایە کوردستان لەم هەلومەرجەدا...بیر لەجەنگ لەدژی توتن وجگەرەکێشان بکاتەوە..؟یان مەسەلەی جگەرەکێشان دەچێتە خانەی کێشە لاوەکییەکان وخەمی گەورەتر هەیە؟! کوردباسی لێوەبکات.

من پێم وایەمەدەنیەتی کۆمەڵی کوردەواری لەوێوەیەکەبەرژەوەندی وتەندروستی مرۆڤ لەسەروو هەمووبەرژەوەندی یەکانی تربێت ،ئەمرۆکەپەرلەمانی نوێ وتازەهەڵبژێراو دەتوانێت لیژنەیەکی تایبەت بخاتەگەڕبۆڕێکخستنی توێژینەوەو ئامارو هەڵسوکەوتی جگەرەکێشانو دیاردەی جگەرەکێشان لەشوێنی گشتی وەک{هۆکانی هاتوچۆ،بازاڕی داخراو ،چێشتخانە ،چایخانە،توالێتی قوتابخانەکان ...هتد}گەربڕوانیتەئاستی جگەرەکێشانی سویدی لە پاش ساڵی 1980 وەکەیەکەم زەنگی ئاگاداری شوێنەوارەخراپەکانی جگەرەکێشان بۆتەندروستی مرۆڤ لێدرابەڕێژەی 30%داکەم بۆتەوەکەئەمەش بۆخۆی سەرکەوتنێکی گەورەی دەسەلاتی سویدە.لەڕووی خزمەت بە تەندروستی مرۆڤی سویدی.

گەربلێێن وەختی نییە.....ئەوا.....!لە کەناڵی الشرقیە کەکەناڵێکی ئاسمانی ئێراقییەولەگەرمەی بۆمبو تەقینەوەکاندا...لەیەکێک لەبەرنامەکانیداهەڵمەتی خڕکردنەوەی سواڵکەرانی شاری بەغدای نیشانداکەبەهاوکاری ئاسایشەوەئەوکارەئەنجام دەدرا....لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکانیش بەسەدان بانگێشەوڕیکلامی بازرگانی بۆکالاو بازرگانەکان دەکرێت تاقەڕیکلاموئاگادرکردنەوەیەکیش بۆزیانەکانی جگەرەکێشان نەکراوە...نازانم ئەم هەموو خەمساردییەمان لەکێوەبۆماوەتەوە...توبلێیت خەمی جگەرەکێشانیش ڕۆژێک لەڕۆژان خەمخۆری هەبێتو هەڵمەتی

**بۆبکرێت لەکوردستاندا ؟!.قەدەغەکردنی جگەرکێشان لەکات وشوێنی کاروشوێنەگشتییەکان دا....هەنگاوی یەکەمە کەدەتوانین دیاردەی جگەرەکێشان کەم بکاتەوە.**

میژووی جگەر ،دەرکەوتنی ،سەرکەوتنی،نشوستەکانی.

1400بەدواوە توتن بوەبابەتێکی کلتوری تێکەڵ بەشارستانیەتی هیندییەکان...سەرەتاکانی پێچینەوەی توتنیش بەگەڵای گەنمەشامی دەست پێکراوە.

1560جان نیکۆت بەرەگەزفەرەنسای دروستکەری یەکەم کێڵگەی توتنییە ....پاشتریش زاراوەی نیکۆتین لەناوەی ئەوەوە خرایەفەرهەنگوبازراگانی دروست کردنی جگەرە .

1600ئەوروپابوەخاوەنی کێڵگەی بەرهەم هێنانی توتن لەهەمان کاتداهیندستان لەوپەڕی ڕۆژهەڵات،بەڕازیلیش لەئەمریکای باکور،پاشانکۆلۆمبیا،وڵاتەیەککگرتوەکانی ئەمریکا....لەم قۆناغەدابازرگانی توتن تەنهابەمەبەستی دروستکردنی جگەرە نەبوو، بگرەوەک چارەسەرێکی گیایی بۆچارەسەرکردنوساڕێژکردنی برینیش بەکاردەهات.

1601دەرکەوتنی دیاردەی کۆکردنەوەی پاشماوەی سیگاروپاشان کێشانەوەی ناونیشانی (جگەرەهەژارەکان) لەسوێد ناوبانگی ئەودیاردەوقۆناغەبوو.

1641 دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لەدەرچونی توتن لەقاڵبی داهاتی تاکەکەسی و بوونی بەداهاتێکی نیشتیمانی لەئەنجامی واڵابوونی دەرگاکانی بازرگانی پێکردنی.وزۆربونی ویستی کێشانوبەکارهێنانی

1700بەدواوەجگەرەکێشان بوەدیاردەیەکی ناسراولەتەواوی ئەوروپا،تیایدابچوکوگەورە،ژن وپیاو،گەنجوپیر ئارەزوی تاقی کردنەوەی ئەم داهێنانە نوێیەیان دەکرد.

1724 ئەوبەروارەیە...کەلەسویداکێڵگەکانیان بۆ چاندنی توتن تەرخان کران ،لەهەمان کاتدا بازرگانی وچاندنی توتن لەلایەن کۆشکی پادشای یەوەپشتگیری لێدەکرا.

1750.لەئەنجامی زۆربوونی توتن لەسویدا... 100 کارخانەی دروستکردن وبەرهەم هێنانی جگەرەهاتەبوون.

1870 ئەومێژوەیە کەیەکەم ئامێری بەرهەم هێنانی هاوچەرخ بۆدروستکردنی جگەرەلەووڵاتەیەککگرتوەکانی ئەمریکا خرایە فەرهەنگی بازرگانی توتن.پاشانیش لەساڵی 1904 لەسوید دروست کردنی سیگارلەدەستەوەبۆ ئامێر گۆڕا، کەئەو کات هێزوتوانای بەرهەم هێنانی کارگە لەڕۆژێکدا دووسەدهەزارجگەرەبوە.

1970دەرکەوتنی زۆرترین ڕێژەی جگەرەکێشان لەهەموجیهانداوبونی بەدیاردەیەکی بڵاولەناوکۆمەڵگادا،ڕاپۆرتەکان لە وسەردەمە،هۆکەی دەگەڕێننەوەبۆدەرکەوتنی چینێکی نوێی بەچکەبۆرژواوسەرمایەدار...ئارەزووی بۆخاوەنداریەتی وکڕینی ئۆتۆمۆبێلو بابەتی تری کەمالیات.لەپاڵ جگەرەکێشانی بێ سنور،دەکرێت بەسەرئێشەکانی ئەوسەردەمەی خۆرئاوابژمێرین.

1980پاش ئەوهەمووسەرکەوتنانەئیدی قۆناغێک هاتەکایەوەکەجگەرەناوبانگی باشی خۆی لەدەست بداتولەو بەروارەشەوە ئیدی چارەنوسو گەشەی بازاری جگەرکەوتەخەتەر.ئەوساڵە دەستپێکی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە لەزیانەکانی جگەرە بۆسەر تەندروستی بونەوەرو ژینگەش.

1983..لەپاش ئاگاداریەکانی زیانی جگەرەکێشان کۆمەڵگامەدەنیەکان کاریان کردبۆسنوردانان بۆجگەرە لەوپێناوەشدا،چەندین کۆڕوسیمیناری هۆشیاری بەرفراوان لەڕێگەی کۆمەڵەوڕێکخراوەمەدەنییەکانیان ڕێکخست ،.

1985 سوید یەکەم وڵاتی جیهان بووە کەدیاردەی توشبوونی شیرپێنجەی سیەکانی تیادەرکەوت لەئەنجامی زۆری جگەرەکێشان.

1993لەسویداجگەرکێشان قەدەغەکرا بەشێوەیەکی ڕێژەیی،ئەمیش بەجیاکردنەوەی شوێنی جگەرەکێشان لەنەکێشانی ،تەنانەت لەئوتێلوشەمەندەفەرەکان ژوری نوستنی جگەرەکێش جیابوو لەهی ئەوانی تر .

ئەونەخۆشیانەی کەلەئەنجامی جگەرەکێشانەوەمرۆڤ توشی دەبێت

[خوێن پەرژینی مێشک،سەرئێشە،دڵ تێکدان.نەخۆشیەکانی چاو،هەناسەگرتن ،بریندارکردنی زک،کارکردن لەسەرکاری ئاسای دڵ.بۆئافرەتی جگەرەکێش بۆدروستکردنی هیلکەوپیتانوسکپڕبوون نیوەی شانسی بەبەراوردلەگەڵ ئافرەتێکی ئاسایی دەبیت]

دواوتەمان

- پێویستەئاماژەبەوەبدەین کەبابەتی کلتور،باوەڕ،ڕۆڵی ژن لەناوکۆمەڵ،ئازادی،هۆشیاری تەندروستی،وچەندینی تر ڕۆڵ لەدیاری کردنی ڕێژەی جگەرەکێشان لەنێووڵاتاندا.دەبینێت.

. وائەچێت بۆپترلەیەک ساڵەجگەرەکێشان بەتەواوی لەهەمووشوێنەداخراوگشتییەکانی سویدقەدەغەکراوەوکەسیش لەوقەدەغەکردنە،زەرەمەندنەبوەبگرەبوەدەسکەوتێکی تری مەدەنیەتوشاکارەکانی حکومەتی خزمەتگوزاری سویدی

بابەتی پەیوەندی دار

1~ میدیاکانی سوید ڕۆژنامەی یوتۆبۆری پۆستن ،کەناڵی یەک دانیشتنی لیژنەی تایبەتی پەرلەمان وشارەوانیەکانی سویدبۆ تاوتۆکردنی بڕیارلەسەرچارەنوسی جگەرە.

2~ نوسراوی فەرمی شارەوانی بۆگشت داموودەستگاوشوێنەپەیوەندی دارەکان ،ئاگادارکردنەوەیان بەدەرچونی یاسای دەسگرتنوڕێگرتن لەجگەرەکێشان.

3~ڕاپۆرتی گشتی تەندروستی ساڵانەی سویدپێشکەشکراولە1.1.2005 تیایدائاماژەبەوەدەکات کەلەسویدانزیکەی 6400 کەس ساڵانەدەمرێت بەهۆی جگەرەکێشانەوە وکاردانەوی خراپی لەسەرتەندروستی خێزانی سویدی.

4~ڕاپۆرتی تایبەت بەرێژەی جگەرەکێشانی وڵاتان لەلایەن تۆباک ئەتلەس لەساڵی 2002 دائامادەکراوە کەلێرەلەبەرگرنگی هەندێکی دەخەینەڕوو تیایدارێژەی جگەرەکێشی پیاولەژن ورێژەکانیان دەردەخات.

| *وڵات* | *پیاو* | *ژن* |
|---|---|---|
| سوید | 16 | 19 |
| دانیمارک | 30 | 24 |
| نەرویج | 27 | 25 |
| فلەندا | 27 | 20 |
| ڕوسیا | 63 | 10 |
| چین | 67 | 04 |
| بەریتانیا | 27 | 26 |
| بەرازیل | 39 | 29 |
| نەیجیریا | 15 | 02 |
| ئەمریکا | 26 | 22 |
| ئێران | 27 | 03 |
| یۆنان | 47 | 29 |
| ئیتالیا | 32 | 17 |
| ئەلمانیا | 39 | 31 |
| فەرەنسا | 39 | 30 |
| ئوستورالیا | 21 | 18 |
| نامبیا | 65 | 35 |

ئەم ئامارە
لەهەر 100
کەسێکی ناوکۆمەڵ
حیساب بۆ کراوە
بۆنمونەلەچیندالەکۆی
هەرسەدکەسێک 71
کەس جگەرەدەکێشێت
!!!!